ئایا ئەمریکا لە جەنگی دژە تیرۆردا سەردەکەوێ؟!

جەنگی دژی تیرۆر ناوی هەڵمەتێکی سەربازی جیهانییە دژی تیرۆرزمی جیهانی بە ئامانجی بنەبڕکردن و چاودێری کردنی تیرۆرستان کە دەکرێت لە هەر وڵاتێکی دنیادا بێت. هەموو رۆژێ گوێبیستی پەلامارە یەک لەدوای یەکەکانی تیرۆرستی دەبین، لە زاری رۆژنامەو میدیا جیهانیەکانەوە .عیراق و ئەفغانستان و پاکستان و چەند وڵاتێکی تر نمونەی زۆری ئەم پەلامارانەن.

جۆرج سۆرۆز بڕوای وایە کە جەنگی دژی تیرۆر خەیاڵێکی پڵاوە، هەرگیز سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ. جەنگی دژی تیرۆر کە دەتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ حوکمرانی **جۆرج دەبلیو بووش** کە جگە لە ئامانجێکی شەخسی هیچی تر نییە، لە کاتێکدا ئەم ئامانجە کەسیانە هەڕەشە لە هەماهەنگی نێونەتەوەی و ئاسایشی جیهانی دەکات. لە وڵاتێکی وەک عێراق دا، کە رۆژانە دەیان کەسی بێتاوان دەبنە قوربانی بە بیانووی جەنگی دژە تیرۆرەوە، لە لایەن هاوپەیمانانەوە، ئەمە جگە لە ئابڕووبردن چەوسانەوەی دەیانی تر.

ئێمە بۆ ئازار دەکێشین ؟ بۆچی قوربانی دەدەین؟ بۆچی ناتوانین بە ئازادی بژین؟ تەنها لەبەر هەرەشەی تیرۆرستان دژی دیموکراسی، نەخێر دەتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ بەڕێوەبردنی عێراق لە لایەن چەند کەسێکی گوێنەدەر بە بارودۆخی ئەمنی و ئاسایشی عێراق و جێبەجێکردنی مەرام و ئاواتە تایبەتی یەکانی خۆیان. لە کاتێکدا تیرۆرستان دەست بە سەر دەکرێن ئێمە نازانین دواڕۆژیان چی بە سەر دێ، کە خەڵکی پێیانوایە دەستبەسەرگرتنیان متمانە کردنە بەهێزی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی ناوخۆ، ئایا تائێستا پرسیارمان لە خۆمان کردووە تا بزانین هێزی پاراستنی ئاسایشی عێراق توانیبێتی تەنها یەک تیرۆرست بە یامەتی هێزی فرە ڕەگەز دەسبەسەربکات. ئەمە تەنها ساویلکەیی و بێ ئاگایی خەڵکە بەراتەبەر دەسەڵاتی سیاسی ئەمڕۆی عێراق . ئەمە لە کاتێکدا کە زۆربەی پێکهاتەی هێزی سەربازی عێراق لە ئەندامی گروپە تیرۆرستیەکانی وەک ئەلقاعیدەو دەیان گروپی تیرۆرستی تر پێکهاتووە. یاخود ئەو کەسانەی کە لە ریزی پێشەوەی ئەو مانگرتنانەدان کە رۆژانە لە شارەکانی عێراق دا دەیانبینین دژی تیرۆر.

ئامانجی گروپی تیرۆرستی ئەلقاعیدە لە هێرشی یازدەی سێپتێمبەر گەورەکردنی ئەو ناکۆکییە بوو کە لە نێوان ئەمریکا و ئیسلام دا هەبوو، لە یەکێک لە وتارەکانی **ئوسامە بن لادن**یشدا کە دەڵێت (مەبەستی ئێمە لەو هێرشە تۆڵە کردنەوە بوو لە ئەمریکا و هیوادارین وەک دوژمنێکی سەرسەختی ئیسلام پیشانمان دابێت)، لەلایەکی دیکەوە ئیسرائیل گەورە هاوپەیمانی ئەمریکا بەبیانووی ڕفاندنی دوو لە سەربازەکانی لە لایەن حزبوڵڵای لوبنانەوە، کە بینیمان چەندەها کەسی بێ تاوان بونە قوربانی تەنها لەبەر درێژکردنەوە و بەردەوامی پێدانی جەنگی دژی تیرۆر کە بێگومان بە فیتی ئەمریکا خۆی بوو. بۆچی ئەمریکا گرنگی بە بەردەوامی شەڕ و پاراستنی سەربازەکانی خۆی و بەرژەوەندیەکانی دەدات، لە کاتێکدا روخانی ژێرخانی ئابوری و سەرچاوەکانی ئاو و کارەبا و چەندەها کارەساتی تر لە عێراق و لوبنان ئەوەندەی مردنی یەک سەربازی بێ دایک و باوکی ئەمریکی گرنگییان نیە .

پشتگوێ خستنی ئەو هەموو تاوانانەوی کە لە لایەن **سەدام حسین**ەوە دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجام دران، کەچی سەدام حوسێن تەنیالە بەرتاوانی **دوجێل**ەوە لە سێدارە درا، بەڵام هەردوو گەورە تاوانباران **علی کیمیایی** و **سوئتان هاشم** هەتا ئێستاش بڕیاری دادگەیان بەسەردا جێبەجێ نەکراوەو هیچ سزایەک نەدراون، هەروەک بڵێی ئەمانە دوو کەسی زۆر بێتاوانن!! ئەمانە گەر بە فیتی ئەمریکا خۆی نەبێت هەرگیز رونادەن. لە کۆتایی دا واپێویستە ئەو گوتەیە وەبیر خۆمان بێنینەوە کە دەڵێت " تیرۆرست شەڕکەرێکی ئازادیە بۆ کەسێکی تر" تا وەکو بەتەواوی لەم گوتەیە تێنەگەین و لە ئامرازو ستراتیژیەکانیشی تێنەگەین و مامەڵەی لەگەڵدا نەکەین ئەوا شەڕی دژی تیرۆر وەکو شەڕی دژی کۆمۆنیزمی لێدێ کەحەفتا ساڵی خایاند.

ئەسعەد شەشۆیی
shkar_asad@yahoo.com

دوای کەوتنی دەمامکەکەی، با سەیری روخساری ئەمریکا بکەین

هەرچەندە کە سەردانەکەی عەبدوڵڵا گویلی سەرۆکی تورکیا بۆ واشنتۆن لەکاتێکی نەگونجاو دابوو، لەلایەکەوە سەرکردەکانی ئەنکارا لە بەڵێنەکانی خۆیان دا بۆ دیموکراتیزەکردنی تورکیا و دان نان بە زمانی کەمە نەتەوەکان پاشگەز بوونەوەیان پێوە دیاربوو، لەلایەکی دیکەشەوە سوپا شەڕانگێزەکەی تورکیا ماوەی ٢٠ رۆژ زیاتربوو کە بەردەوام هێرشی ئاسمانی دەکردە سەر گوندنشینانی هەرێمی کوردستان و گوندو ئاوییەکان تۆپباران دەکرد، بەڵام دیدارو کۆبوونەوەی سەرکۆماری تورکیا لەگەڵ سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆمەڵێک ئاماژەی نەرێنی بە کورد پێشان دا.

چاودێرانی سیاسی پێیانوابوو کە جۆرج بووش سەرکۆنەی تورکیا دەکات و داوای لێدەکات هێرشە ئاسمانیەکانی رابگرێ و چیتر خەڵکی سڤیل و لاشەڕ نەکوژێ، بەڵام جۆرج دەبلیو بووش جارێکی دیکەش بۆ رازیکردنی دڵی تورکیای هاوپەیمانی دێرینی دژایەتی خۆی بەرانبەر بە خەباتی پارتی کرێکارانی کوردستان پێشانداو دووپاتی کردەوە کە **پەکەکە** دوژمنی سەرسەختی ئەمریکاو تورکیایە، هێزێکی تیرۆریستەو دەبێ لێی بدرێ!!

لێدوانەکەی جۆرج بووش دووپات کردنەوەی رابردوو بوو، بەڵام لێدوان و قسەکانی عەبدوڵڵا گویل نەک هەر پاشگەزبوونەوەی پێوە دیاربوو، بەڵکو لەسەر ئاستی سیاسیشدا لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێ، چونکە بۆ تێکڕای کێشەی کوردستان و کێشەی کەرکوک ترسناک بوو. راشکاوانە ئاماژەی بە دەست تێوەردان لە کاروباری ناوەخۆی عێراق دەکرد، بۆیە دەبووایە جۆرج بووش هەڵوێست پێشان بداو ئەوانەی لێ پەسند نەکات.

ئەمریکا لەوەتەی وەکو یەکەمین هێزی جیهان دەرکەوتووە، بانگەشەی مافی مرۆڤ و پشتیوانی کردنی خەڵکی هەڕەشە لێکراو دەکات، لەوەتەی هاتۆتە رۆژهەڵاتی ناوەڕستیشەوە بانگەشەی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو ناوچەیە دەکات، بێگومان کێشەی کوردستان لەدوای کێشەی فەلەستین گەرمترین و دژوارترین کێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەڵام ئەمجارەیان سەرۆکی ئەمریکا نەک باسی لە چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان نەکرد، بەڵکو بۆ رازیکردنی دڵی تورکیا روخساری راستینی خۆی بەرانبەر بە داخوازیەکانی گەلانی ژێردەست و ستەم لێکراو پێشان دا، دووپاتی کردەوە کە هەر دەوڵەتە بەرژەوەندخوازەکەی جارانەو هەموو پێوەندی و دۆستایەتی خۆی لەسەر بنەمای گەورەکردن و پاراستنی بەرژەوەندەکانی خۆی دادەرێژێ.

ئێستا لەو کاتەیدا کە زۆربەی هێزە سیاسیەکانی کوردستان چاویان لە ئەمریکا بریوەو گرەو لەسەر بەڵێن و هاوپەیمانێتی ئەمریکا دەکەن، کەچی سەرۆکی ئەمریکا لەبەر خاتری عەبدوڵڵا گویلی میوانی پێ لە داخوازیەکانی گەلی کورد دەخشێنێ و ئامادەیی خۆی بۆ هێشتنەوەی رەوشی کەرکوک پێشان دەدا. بەڵێن بە تورکیا دەدات کە هێزەکانی هەرێمی کوردستان ناچار دەکات کە پەکەکە لە خاکی هەرێمی کوردستان دەرپەڕێنن، ئەمەش راستەوخۆ واتای هەڵگیرساندنی شەڕی کورد بە کورد دەگەیەنێ.

سەرۆکی تورکیا لە واشنتۆندا لەبەردەم راگەیاندنەکانی جیهان دا دژایەتی خۆی بۆ گەلی کورد دووپات کردەوە، پێش ئەویش سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا راشکاوانە رایگەیاندبوو ناوی کورد لە پەرلەمان ناهێنرێ و قەدەغە دەکرێ، هەروەها رەجەب تەیب ئەردۆگانیش لە دیاربەکر رایگەیاندبوو کە رێگەی خوێندن بە زمانی کوردی نادەن، هەموو پاساوەکانیش بۆ هەڵوەشانەوەی تورکیا دەگێڕنەوە.

ئەگەر کەسێکی سادەو بێ ئاگا لە سیاسەتیش بۆچوونەکانی ئەو سەرکردانەی تورکیا هەڵبسەنگێنێ، دەگاتە ئەو باوەڕەی کە تورکیا وڵاتێکی تیرۆرپەروەرە و سەرکردەکانیشی دەمارگیرو رەگەزپەرستن، بەڵام ئایا بۆچی جۆرج بووش ئەو بۆچونانەی سەرکردە تورکەکان بە هێند وەرناگرێ و داوایان لێناکات کە کێشەی کورد بە رێگەی ئاشتی و دانوستاندن چارەسەر بکەن؟!

ئەگەر جاران خەڵکی کوردستان کە ستەم چەشتووی دەسی داگیرکەران بوون و هەموو دەنگێکی دەرەکیان بە فریادڕەس دەزانی، ئەوە ئێستا بۆ هەموو کوردێک دەرکەوتووە کە ئەمریکا بەرژەوەندەکانی خۆی سەر پشک دەکات و باکی بە نەتەوەی کورد نیە کە یەک لایەنەو خۆبەخشانە سۆزداری لەگەڵ سیاسەت و سەربازەکان ئەمریکادا دەکات.

بێگومان گەلی کورد پێویستی بە هاوکاری و پشتیوانی دەرەکی هەیە، بەڵام واخەریکە دەمامکی ئەمریکا لادەچێ و روخساری دوژمنایەتی لێ دەردەکەوێ.

کاروان سەربەنی
K_serbeni@hotmail.com

ئایا لە ساڵی ٢٠٠٨ دا موڵکە داگیراوەکان بۆ خاوەنەکانیان دەگێڕدرێنەوە ؟!

خەڵکی کوردستان، بەتایبەتیش ئەوانەی کە بەهۆی شەڕی ناوەخۆوە زیانیان پێگەیشتووەو موڵکیان داگیرکراوەو تا ئێستا بۆیان نەگەڕاوەتەوە، دەپرسن : "ئایا ساڵی ٢٠٠٨ ئەو زەوی و خانوانەی کە لە ئاکامی شەڕی ناوەخۆدا دەستیان بەسەرداگیراوە بۆ خاوەنەکانیان دەگێڕدرێنەوە یان قەرەبوو دەکرێنەوە؟!" تەنانەت هەندێک کەس بەتەلەفۆن بەشداری لە بەرنامە راستەوخۆکاندا دەکەن و ئەو پرسیارە دەوروژێنن و داوای وەڵام لە بەرپرسەکان دەکەن.

هەڵبەت هەموومان دەزانین کە شەڕی ناوەخۆ کۆمەڵێک دەرهاویشتەی ناشرینی لێ بەجێماوە، یەکێک لەوانەش زەوت کردن و دەست بەسەر داگرتنی موڵکی کەسانی دیکەیە و تا ئێستا یەکلایی نەکراوەتەوە. ئەگەر بەرپرسەکان کێشەکانی خۆیان یەکلایی کردۆتەوەو کۆپاکی حسابی خۆیان کردبێ و لەسەر هاوبەشەکاندا رێککەوتبن، بەڵام پێوانەی راستین بۆ خەڵکی ئاسایی نەکراوە، نە وەڵامی باوەڕهێن بە کەسوکاری بزرکراوەکان دراوەتەوە، نە ئەو زەوی و موڵکانەش بۆ خاوەنەکانیان گێڕدراونەتەوە کە بەهۆی شەڕی ناوەخۆوە دەستیان بەسەرداگیراوە.

تەنانەت قەرەبووی هەندێ لایەنیش نەکراوەتەوە کە لە سەردەمی شەڕی ناوەخۆدا لە هیچ و خۆڕایی کرانە ئامانج، پەلاماردران و هێرشیان کرایە سەرو زیانی گەورەیان لێدرا.

لەسەردەمی شەڕی ناوەخۆدا داگیرکردنی زەوی، خانوو، باخ و رەز بە دەستکەوت پێوانە دەکراو بەبێ سل کردنەوە دەستیان بەسەردا دەگیرا، تەنانەت لە هەندێ شوێندا دەست بەسەر زەوی یان خانووی بنەماڵەی شەهیدانیش داگیراوە، بەتایبەتی ئەو زەویانەی کە حکومەتی هەرێم بە کەسوکاری هەندێ شەهیدی رێگەی رزگاری کوردستانی بەخشی بوو، بەڵام ئەوان لەبەر هەر هۆیێک بووبێ بۆیان نەکرابوو بە خانوو یان نەیانفرۆشتبوو. بێگومان تا ئێستا ئەو کێشەیە بێ چارەسەرکردن ماوەتەوە، بەداخەوە بەرپرسان گوێی خۆیان داخستووەو چاوی خۆیان لێ نوقاندووەو نایانەوێ کەس باسی ئەو شتانە بکات.

سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ئەگەر دەیەوێ شوێنەواری ئەو شەڕە نەگریسە بسڕێتەوە کە خۆیان بەرهەمیان هێناو بەسەر خەڵکی کورستانیان داسەپاند، دەبێ لەخۆبردووانە هەموو ئەو کێشانە چارەسەر بکەن کە بەهەڵواسراوی ماونەتەوە.

داگیرکردنی موڵکی خەڵکی یەکێکە لە کێشە ئاڵۆزەکان کە تا ئێستا بە هەڵواسراوی ماوەتەوە. هەندێک لەو موڵکانە نەک هەر دەستیان بەسەرداگیراوەو زەوت کراون، بەڵکو لەسەر ناوی کەسانی دیکە تاپۆکراون یان مامەڵەی کڕین و فرۆشتینان پێوە کراوە. بێگومان ئێستا کەشەڕی ناوەخۆ کۆتایی هاتووە، بەرپرسەکان کۆشک و تەلاروڤێلایان بۆ خۆیان دروست کردووە، خەڵکی ئاسایی مافی خۆیەتی داوای مەڵکی خۆی بکاتەوە.

ئایا هەردوو حزبی دەوڵەمەندو سەرمایەدار ناتوانن قەرەبووی ئەو خەڵکانە بکەنەوە کە بەهۆی شەڕی ناوەخۆوە زیانیان لێکەوتووە؟! ئایا ئەو دوو لایەنە توانای ئەوەیان نیە کە بەپارە ئەو برینە سارێژ بکەن کە خۆیان لە جەستەی کۆمەڵگەی کوردستان دروستیان کردووە؟! ئایا حکومەتی هەرێم ناتوانێ لەو دەیان تریلیۆن دیناریک تەرخان بکات و قەرەبووی زیان لێکەوتووان بکاتەوە ؟! باشە چۆن دەکرێ ساڵی ٢٠٠٨ بە ساڵی ئاواتەکان ناودێر بکەین کە ئەگەر کێشەی بزرکراوەکان یەکلایی نەکرێتەوەو موڵکە داگیراوەکان بۆ خاوەنەکانیان نەگێڕدرێنەوە؟؟؟

سیروان کانەبی - هەولێر

سەندیکای رۆژنامەنووسان لەنێوان ئازادی رۆژنامەگەری و لیستی بێ هاوڕک دا

لە رۆژەکانی کۆتایی دوایین مانگی ساڵی ٢٠٠٧ دا سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە شاری هەولێر، کۆنگرەی خۆی پێکهێنا.

کۆنگرەی رۆژنامەنووسانی کوردستان وەک پێکهاتەو یەکگرتنە رۆتینیەکەی نێوان هەردوو گروپەکەی رۆژنامەنووسان سەیر و بێ بنەمابوو، بەرێککەوتنی حزبەکان نەقیب و جێگرو دەستەی بەرێوەبەرایەتی لە لیستێکی بێ هاوڕکدا بە چەپڵە رێزان دەستنیشان کران.

رێککەوتن لەسەر لیست یان گروپێکی کاندیدکراو ئەگەر بۆ کۆنگرەی حزبێکی نادیموکراتی و خێڵەکیش ئاسایی بێ، هەرگیز بۆ سەندیکای رۆژنامەوانان کە باس لە ئازادی رۆژنامەگەری و دیموکراسی دەکات کارێکی ئاسایی و رەوا نیە.

ئەگەر سیاسیەکانی وڵاتێکی بێ خاوەنیش دان بە هەڵەو کێماسیەکانی خۆیان دانەنێن و گوێ لە راو سەرنجی خەڵک نەگرن و چاو بە رابردووی خۆیان نەخشێننەوە،بەڵام نابێ هەڵسوڕاوانی دەستەڵاتی چوارەم خۆسەپێنەرانەو ملهوڕانە درێژە بە کارەکانیان بدەن، رۆژنامەوانان کە چالاکڤان و هەڵسوڕاوی بواری ئازادی رۆژنامەوانی و ئازادی رادەربڕێتن نابێ لاملی لەگەڵ رامانی دیتراندا بکەن و کەلله شەقی دەگەڵ هاوپیشەکانیت خۆیاندا بکەن.

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە دایکبوونێکی سروشتی نیە، چونکە لە تێکەڵ کردنی دوو گروپەکەی سەردەمی شەڕی نێوخۆ پێکهێنراوە. ئەگەر پێشتر دوو گروپی رۆژنامەوانان لەسەر بنەمای لاگیری و مەیلی حزبایەتی و لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی حزبەکان پێکهێنرابوون، تێکەڵکردنەوەشیان لەسەر بڕیاری سەرکردایەتی حزبەکان بووە، چونکە چەترێک بۆ ئەو رۆژنامەنووسانەی کە پێشتر بۆ خۆشکردنی شەڕی نێوخۆ کاراو چالاک و بەبڕشت بوون دامەزراوەو سەندیکایێکی دەستکردو پێگە لەقی لێ بەرهەم هاتووە.

ئەو سەندیکایەی کە بە حەزو ئارەزووی سەرکردایەتی حزبەکان دەجولێتەوە، لەسەر داواو خواستی ئەوانەوە پرۆژە یاسای کاری رۆژنامەگەری پێشنیار دەکات و ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەوانی خاوەن هەڵوێست لە خۆی دوور دەخاتەوە. ئەو سەندیکایە دەیەوێ بە زۆرەکی بیسەپێنێ کە ئەوەی خۆی بە رۆژنامەوان بزانێ دەبێ پێناسە لەو وەربگرێ، لە حکومەتیش دەخوازێ هەر بڵاوکراوەیەک ئەگەر ئەندامانی ئەو بەرێوەی نەبەن، مۆڵەتی کارکردنی پێنەدەن!!

لە جیهانی ئازاد و دیموکراسیدا رۆژنامەوانان ئازادن لەوەی ئەندامێتی سەندیکایێک پەسند بکەن یان نا، هەروەها راستوێژ و ئازایانە چاودێری بەسەر کارو رەفتارەکانی دەستەڵات و سەرکردەکانەوە دەکەن، بەمەش گرەنتی سیستەمی دیموکراسی دەکەن و بەڵانس و هاسەنگی ئازادیەکان رادەگرن و دەیانپارێزن، بەڵام سەندیکایێک کە رۆژنامەوانان لە رەندە بدات و هێڵی سوور بۆ نووسینەکانیان دابنێ، باوەڕی بە لیستی بێ هاوڕک هەبێ، خۆنەویستانە ببێتە دەسکەلای دەستەڵات و سەرکردایەتی حزبەکان، بێگومان هەترە دەبێ ، ناتوانێ پەیامی راستینی رۆژنامەوانی بگەیەنێ، ناکارێ کۆمەڵگە لە مەترسی رەفتارو سیاسەتی پاوانخوازی سەرکردەکانەوە هۆشیار بکاتەوە.

سابیر عەلی
سوید

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com